# کوشتنی سەگەکەی بەڕێز حاجی,کوشتنی هەموومرۆڤایەتی یە



کاوەحسێن
kawahussen@yahoo.com

بەرلەهەموو شتێك ئێمە مرۆڤین ودەبێت وەك مرۆڤی ڕاستەقینەش بیر بکەینەوە,ئاخر خوای گەورە کەمرۆڤی هێنایە بوون سۆزو میهرەبانی پی' بەخشی,بەلأم سەدئاخ ئێمەڕووڕەشی لای خواش بووین,کوانی' سۆزمان کوامیهرەبانیمان.

من لێرەوە دەمەوێت باس لەکوشتنی سەگەکەی بەڕێز حاجی بکەم, بەلأم حەزدەکەم ئەو ڕاستیە بلێم خاوەنی سەگەکە واتە بەڕێز حاجی بەرلەوەی من وەك بێژەرێك یان وەکو نووسەرێك بیناسم ,وەك مرۆڤێك خۆشم ئەوێ لەبەر ئەوەی مرۆڤێکە هێمن بێدەنگ نەرم ونیان,چەندان سیفەتی تری جوانیش , بەلأم سەد ئاخ مرۆڤەکان زۆر کات دژی شتە جوانەکانن,ئەوەتا مرۆڤێکی رەوشت ناشرین نازانم ویژدان کەوتۆتە کوێی لاشەیەوە سەگەکەی بەڕێز حاجی دەکوژێت ودواتر بە کەتەر لەت لەتی ئەکات ,ئاخ چەن جوانە سەگێك بەو هەموو پاکیەوە چەن ناشرینە مرۆڤێك بەو درەندەیەوە.

بۆیە دوای ئەو رووداوەو بە حوکمی نزیکیم لەبەڕێز خانەوە رەنگە هەر من هەستم بە نیو بەشی ئەو ئازارە سەختەی ناخی بەڕێز خان کردبێت,ئێستا زانیم چەن ئەستەمە خۆشەویسترین نزیکت لێ دوور بخرێتەوە ,هەر ئەوەش نا کوشتن و شێواندنی لاشەکەی,کوشتنی بێ زوومانێك کە جگە لە خۆشەویستی هیچی تر نازانێ ,ئەو نازانێ بۆ کوشتیان لەبەر ئەوەی نازانێ ڕقی چیان لە خاوەنەکەی بوو ئاخر ئەو بەستە زمانە تەنیا فێری خۆشەویستی کراوە,کوا ڕق لەدڵی ئەو سەگە جوانەدا جێی ئەبێتەوە خۆ مرۆڤ نیە تاکوو ئاگای ڕق بزانێ,دڵنیابە بەڕێز گیان هاوبەشی خەمتم هیوادارم ئەمە دوا ناخۆشیت بێت,چونکە ئاگام لە دڵتە,هەروا ئاسان نیە کۆچی خۆشەویستانمان,دڵنیابە بەرێز گیان مەرگی ئەو سەگەی تۆ هیچی کەمتر نیە لەمەرگی پوورم کە چەن رۆژێکە ئەمری خوای کرد,وەك چۆن پوورم خۆشەویستە لەدڵی مندا ,مەرگی ئەو سەگەیش وایە لای تۆ, بەڕێز خان ناهەقت ناگرم خاوەنی ئەو هەموو خۆشەویستی یەی بەرامبەر ئەو سەگە ,چونکە تۆش لەدڵی ئەو سەگەدا هەزار هێندە خۆشەویست بووی ئەگینا چۆن ئەو سەگە جوانە خەوی لە چاوانی خۆی ئەتۆران تا تۆ نە چوویتایەتە ماڵەوە ئەو هەر چاوی لە دەرگا بوو لەکاتێکدا کەسە نزیکەکانت خەوتبوون.

من زۆر پێم ناخۆشە کە دەبینم خەڵکانێك لە بری دڵدانەوەی بەڕێز حاجی لەم نسکۆ گەورەیەدا ,هەرجارەوەو بە جۆرێك بەمەزاجی بەڕێز حاجی ڕا ئەبوێرن.

زۆر پێم سەیرە کاك نەبەز گۆران تۆ بەو نووسینەت هەر بەمەزاجی بەڕێز حاجی یاری ناکەی بەڵکو ئێمەشت توورە کرد,تۆ دێی بەراوردی مرۆڤەکان وسەگەکەی بەڕێز حاجی بەیەك دەکەیت ودواتر ئیمتیازات بە مرۆڤ ئەدەی ,من لێرەوە پێت دەڵێم ئەگەر هەریەك لەمرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ویژدانی ئەو سەگەی بەڕێز حاجی یا ن هەبووایە وولأت قەت بەم دەردە ناچوو,دواتر ئەو سەگە هەرچیەیەك بێت گرنگ ئەوەیە لەدڵی بەڕێز حاجیدا لە هەموو شتێك خۆشەویست تروگەورەترو پیرۆزترە, پێم وابێت کاك نەبەز گۆران خۆت باش ئەوە دەزانی هەرمرۆڤێك ئازادە خۆشەویستی خۆی بەچی ئەبەخشێت,چونکە بەڕێز حاجی هەموو ژیانی خۆی بەخۆشەویستی سەگێك بەخشیبوو,بەلأم

درەندەی مرۆڤەکان ئەوخۆشەویستەیان لێ سەندەوە,ئاخر کاك نەبەز گۆران خۆت ئازاری خۆشەویستیت دیوە ,کێ لەئێمە هەیە خۆشەویستەکەی لێ بسێنیتەوە تاقەتی ژیانی بمێنێت,ئاخر کاك نەبەز گیان بۆپێت حەیفە مەسەلەی کوشتنی سەگەکەی بەرێز حاجی گەورە بکرێتەوە,ئەی بۆ مرۆڤێکی درەندە بۆی هەیە چەندان پارێزەر بگرێت و پارێزگاری لە خۆی بکات هەزار درۆو دەلەسەش بکات,دیارە ویژدان لەم وولاّتە کەمە بۆیە وابیر ئەکەینەوە بەرای من نەك چەن پارێزەرێك بەڵکوو هەقە هەموو کورد ببێتە پارێزەرو دیفاع لەو سەگە بەستەزمانە بکات,چونکە مرۆڤەکان زووبانیان هەیە بەرگری لە خۆیان بکەن ودرۆی جوان بۆخۆیان بکەن,بەلاّم سەگ درۆ نازانێ زمانی درۆشی نیە,ئەگینا دەمێك بوو هاورێیانی سەگەکەی بەرێز حاجی دەهاتن ڕاستی رووداوەکەیان دەگێرایەوە,بەلاّم لەم وولاّتە کێ هەیە گوێلەڕاستی بگرێ,بۆیە سەگیش قسە ناکات .